# خوای گەورە -تَبَارَكَ وَتَعَالَى- دەفەرمووێت: «بۆ بەندە چاکەکانم شتانێکم ئامادە کردووە کە چاوەکان نەیان بینیووە، وگوێیەکان نەیان بیستووە، و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێت: «خوای گەورە -تَبَارَكَ وَتَعَالَى- دەفەرمووێت: «بۆ بەندە چاکەکانم شتانێکم ئامادە کردووە کە چاوەکان نەیان بینیووە، وگوێیەکان نەیان بیستووە، و بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە»، ئەبو هورەیرە دەڵێت: بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: {فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٖ} [السجدة: 17] واتە: {ئینجا هیچ کەسێک نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشتداً کە هۆی) ئۆقرە وگەشبوونی چاوەکانن}».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە -تبارك وتعالی- دەفەرمووێت: شتانێکی وەهام خوڵقاندووە وئامادەم کردووە لە بەهەشتدا بۆ بەندە چاکەکانم وەکو ڕێزلێنانێك کە چاوەکان هەرگیز نەیانبینیووە، وگوێیەکان هەرگیز وەسفیان نەیانبیستووە، وچۆنیەتیەکەی نەهاتووە بەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکدا. ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەم ئایەتە بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: {فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٖ} واتە: {ئینجا هیچ کەسێک نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشتدا کە هۆی) ئۆقرە وگەشبوونی چاوەکانن} [السجدة: 17].

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10404

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee